# یادی كارەساتی جەرگبڕی سەردەشت كرایەوە

ڕۆژی ٢٧-٦ لە بەرنامەی ڕۆژباش كوردستان، تەلەفزیۆنی میزۆپۆتامیا، بە بەشداری ژمارەیەک لە كەس و كاری قوربانیانی كارەساتی شاری سەردەشت، كە ڕاستەوخۆ لە سەردەشت و ولاّتانی دەرەوە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوەبەشدار بوون، دوو ئەندامی ناوەند میوانی بەرنامەكە بوون، بۆ ماوەی ٢ كاتژمێر یادی كارەساتەكە كرایەوە. بە دورو درێژی قسەیان لەسەر كارەساتی سەردەشت (یەكیان شایەدێكی زیندوی كارەساتەكە بوو) و جینۆسایدی كورد كرد. تیایدا داوای دادگایی تاوانباران، قەرەبوی زەرەرو زیانەكان، قەدەغەكردنی چەكی كیمیاوی كرا.

بۆ ڕۆژی ٢٨-٦ لە یادی كارەساتی جەرگبڕی سەردەشتدا .بە بەشداری كۆمەڵێک لە دڵسۆزان ،لە كوردانی خۆرهەلاّت، باشور، هۆڵەندی، سورینامی ،كۆلّۆمبی ،بە ئامادەبونی كەس و كاری قوربانیان و شایەد حالّەكانی ئەو كارەساتەو نوێنەرانی پارت و ڕێكخراوە سیاسیەكان، لە ولاّتی هۆڵەند شاری دێلفت یادی كارەساتەكە كرایەوە. لە بەشداربوان نوێنەری (ی ن ک) و كۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی زەحمەتكێشانی كوردستان-ئێران و حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان چەندین كەسایەتی بەڕێوە چوو.

لە سەرەتادا كاک ئەمیر قادر بە ناوی ناوەندی هەڵەبجەوە بە خێرهاتنی میوانانی كرد و بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ یادی ئازیزانمان لە قوربانیانی جینۆساید ماتەمینەكە دەسی پێكرد، پاشان كاک هاوڕێ قوتابیەكی زانكۆیەو خەڵكی سەردەشتە بە زمانی هۆڵەندی باسێكی كورت و پوختی كارەساتەكەی كرد، بەدوایدا كاک عەلی ڕەحیمی وەک شایەد حاڵێكی كارەساتەكەو كەس و كاری قوربانیان بەشێک لە ڕوداوەكانی بەدەم قوڵپی گریانەوە گێڕایەوە. دوا بە دوای ئەو برگەیە كاک مەلابرایم، وەک ئەندامێكی حزبی دیموكراتی كوردستان قسەو باسی خۆی لەسەر كارەساتەكە كرد. بە دوایدا كاک كەیوان بە نوێنەرایەتی كۆمەڵە سوپاسی ناوەندی هەڵەبجەی كرد. كە پاش شانزە ساڵ یادی ئەم كارەساتە دەكەنەوە. وتی دەبوایە ئەم كارە حزبە سیاسیەكان زوتر ئەنجامیان بدایە، بە دوایدا وتاری كۆمەڵەی پێشكەش كرد و پشگیری خۆیانی بۆ داخوازەكانی خەڵكی سەردەشت دەربڕی. پاشان كاک جێگیر نوێنەری حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان وتەی خۆی پێشكەش كرد پشگیری لە دادگایی تاوانباران و داواكارییەكانی خەڵكی سەردەشت دەربڕی. ئەوجا كۆمەڵێک پێشنیار كرا لەسەر چۆنیەتی دادگایی تاوانباران. وە پێشنیاری ئەوەش كرا كە پرۆسەی جینۆساید كردنی كورد بخرێتە پرۆسەی خوێندنەوە لە تەواوی عێراقدا. بە دوایدا فلیمێكی دوكیمێنتی لە سەر كارەساتەكە پێشكەش كرا. تەواوی قوربانیانی سەردەشت، تیایدا لە گەڵ دادگایی تاوانباران و قەدەغەكردنی چەكی كیمیاوی و دادگایی كردنی كۆمپانیا بەرهەمهێنەرەكانی ئەو چەكانە و قرەبوی زەرەرز زیانەكانیان بوون. هەروەها پیشانگایەكی ئەلبومی وێنەیی كارەساتەكە پیشان درا، ئەمەو جەماوەری شاری سەردەشت و قوربانیانی كارەساتەكە لە نزیكەوە ئاگاداری ئەم چالاكیانەی ناوەندی هەڵەبجە بوون زۆر پێ ی شادمان بوون و ئومێدیان پێبەخشی. ئەوەی شایانی ئاماژە پێكردنە یادی ئەم كارەساتە و نیشاندانی قەوارەی تاوەنەكە بە چەند زمانی زیندوی جیهانی لەوانە ئینگلیزی، فەرەنسی، هۆڵەندی، عەرەبی، فارسی، كوردی، لەزۆر ماڵ پەڕو ڕۆژنامە بلاّو كرایەوە بۆ سەدان پارت و ناوەند و دەزگای جیهانی و ڕۆژنامە نێردرا.

**ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفال و جینۆسایدی كورد -چاک- ٢٨-٦-٢٠٠٣**

**ئەمەش چەند وێنەیەک**





